# کوردستانێکی سەیرە

# گوڵم....؟

مستەفای حەسەنە گەورە
msto123@hotmail.com



1

لەو سەفەرەی دواییم بۆ کوردستان، دەنگ و باسی ئە وە هەبوو کە حکومەتی هەرێم جامی سەبری پڕبووە ئەگەر جەماوەر چیتر پرتەو بۆڵەی بێت لەسەرگەندەڵی، بێ کارەبایی، بێ ئاوی، ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، ئەوا حکومەتۆکەی هەرێم ناچار خۆپێشاندان ساز ئەکات.جا جەماوەری خێر نەدیوو خۆتان بگرن،،،؟

2

لە سەردەمی ئەنفالە بەد ناوەکەدا، جاشێک کاتێ ئەو هەموو زوڵم و بێ ویژدانیە ئەبینێ و هیچ دەسەڵاتێکی نابێت، بەناچار تا دەتوانێ سەری خۆی ئەکیشێ بەدارو بەردی ئەو ناوەدا، تابێهۆش ئەبێت .لەوساوە جاشی ناو براو ئەقڵی تێک چووەو..وەک شێت مامەڵە ئەکات،ئەخیرەن جاشێکی خاوەن هەڵوێستمان دۆزیەوە ، نەگبەتە ڕەنگە لەبەر 85 دینارەکە جاشێتی کردبێ، یان لە لە ترسی سەربازی، بەڵام موستەشارە خۆفرۆشەکان ئەو هەموو تاوانانەیان ئەنجام داو ئەو هەموو سەروەتوو سامانەیان لە سەر حسابی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کۆکردەوە، کەچی تائێستاش دیوەخانەیان بۆ سەرف ئەکرێ و تاکە کۆنە سەرۆک جاشێک لە گووڵ کالتری پێ نەووتراوەو ناوترێ تا خاوەنی ئەم حکومەتۆکەی کوردی بین.

3

هەر لەسەردەمی ئەنفالی شومەکەدا، موستەشارێک ،بەناوی قاسم دڕەیی کاتێ ئەنفالی ناوچەی گەرمیان ئەکات ،پیاویک بە خۆیی و سێ کچەوە دێتە لایی و ئەڵێ بیکە بۆ خاتری خوا با ئە م کچانەم دەست بەعس نەکەوون کێ لە ئێوە ئامادیە با لە خۆی مارە بکات، قاسمیش ئە لێ زۆر باشە با لە ناو ئەم پاقلانە خۆیان بشارنەوە تا دوایی ئەیان بەین لەگەڵ خۆمان،پاش ماوەیەک کۆپتەرێک لای قاسم ئەنیشێتەوەو ئەفسەرێک دێت بۆ لای قاسم و پێی ئەڵێت کوێ ماوە نە گەڕابن ،ئەویش ئەڵێ سەیدی هەر ناو ئەو پاقلانە ماوون فەرموو با ئەوێش بگەڕێین ،نامەردە کچەکان تەسلیم ئەکات وتا ئێستاش چارەنووسیان وەک چارە نووسی سەدان هەزار بێ سەروو شوێنە،دەیانی وەک قاسم دڕەیی و هاوسەنگەرانی....موعەزەز موکەڕەم لای دەسەڵاتی کوردی لافی پاشایەتی لێ ئەدەن.

4

**کۆنه جاشیک که سەردەستەی پیاو کوژەکانی کۆنه سەرۆک جاشێک بووه له ناو چەی پشدەر،پاش ئەوەی سەرۆکی کۆنی بەرەو ئیدارەی ئەولا بنەو بارگەی ئەپێچێتەوە، ئه و هەم وەک خەت مایلی کۆنه سەرۆکی و هەم بۆ وەرگرتنی باشترین ئیمتیاز لەملا ئه مێنێتەوە، ئیدارەی لەمەڕ خۆمان لەبەرامبەر ئەم هەڵوێسته کەم وێنەیه پلەو پایەکی باشیان پێداوەو... له ڕیزی پێشمەرگه دێرینەکانیان حساب کردوە، تەنانەت دەبێ بۆ کردنی موعامەلەی شەهیدان ئیمزای ناوبراوی پێوه بێت،خۆم پێ نەگیراو تەلەفۆنم کرد بۆ بەر پرسەکەی ، ووتم کوردی و کرمانجی من خۆم شاهیدی دەیان تاوانی ئەو زاته نا موبارەکەی لای ئێوەم ، ئەویش له وەڵامدا ووتی ئەو برادەره سەر به باڵەکەی ئەولایه....؟**

5

**من نازانم ،سەرۆکی هەرێم سەرۆکی هەموو هەرێمه یان سەرۆکی دادگایەکه ، کاتێ چاوی به کۆمەڵێ پارێزەرو دادوەر ئەکەوێت، بەئاشکرا پێیان ڕائەگەێنێت،که نابێ بەهیچ جۆرێک باسی کۆنه جاشەکان بکەن له دادگای باڵای تاوان له بەغدا ، کاتێ ئەم هەواڵەم پێگەیشت بۆ چەند ڕۆژێک زۆر دڵگران بووم ، بەڵام پاشان مەسەلەکەم زۆر ئاسایی وەرگرت،سەرۆکی گەندەڵ ترین دەسەڵات هەر ئەوەی لێ چاوەروان ئەکرێت.لەجیاتی گرنگی دان بەکەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراو ، دیوەخانانه بۆ کۆنه سەرۆک جاشەکان سەرف ئەکات،ئەوانیش دەستەکانیان سەدجار خۆش بێت ،هەر ساڵێک دوای لێبوردنه پڕ سەیرو سەمەرەکەی بەرەی کوردستانی،.به تاک و بەکۆمەڵ پەیوەندیان کردۆتەوە به ڕژێمی بەعسەوە،تەنانەت له پیلانێکی نەخشه بۆ ڕێژراودا 23 کۆنه جاش ویستوویانه حکومەتۆکەی کوردستان لەبەین بەرن، کەچی دوای بڵاو بوونەوەی ئەم هەواڵەوئاشکرا بوونی ئەو فایله تازەیەی کۆنه جاشەکان ،هیچ کەسێ نەکەم و زۆر ورتەیەکی لێوه نەهات، بەڕاست لەگەڵ بڵاو بونەوەی کۆمەڵه فایلی یەکەم بەپەله سەرۆکی هەرێم لیژنەو سەرۆکی لیژنەی بۆ دانان، به پێوتستی ئەزانم وەبیر لیژنەو سەرۆکی لیژنەو سەرۆکی هەرێمیشی بێنمەوه با ناوی ئەم 23 کۆنه سەرۆک جاشەش زیاد بکەن.**

6

**نەقیبێک، سێ نەجمەی بەسەر شانیەوە.نه ک هەریەک ڕۆژ پێشمەرگایەتی نه کردوه بەڵکو ئەوەتای ئەم زاته هەیه یەک قسەی خێری بۆ کورد نەکردوه . له گەرمەی شەڕی نەگریسی ناوخۆدا لەگەڵ چەند برادەرکیا ئەرکی چەکو فیشەک کڕینیان بۆ مەڵبەندی هەشتی ڕاپەڕین پێ سپاردبوو لەجیاتی چەک و تەقەمەنی چاک بکڕێ فیشەکه کۆنی چەند ساڵەی کڕیبوو له بەرامبەردا پارەیەکی زۆری لەمەڵبەند وەرگرتبوو، ئەم ڕوداوه کەشف بوو هیچ ئیجرائاتێکیان لەگەڵ نەکرا، ئاخر یەکیەتی خاوەنی پیاوی ئاوایه بۆیه حاڵی بەم حاڵه گەیشت. سەڕای ئەوەش وەکالەتی غازی هەیەو لەجیاتی ئەوەی غاز دابەشی سەر ناوچەی ڕانیه بکات هەمووی بەقاچاخ فرۆشتووەو ئاودیوی ئیدارەی ئەولای کردوه، جەنابی نەقیب گیراو بڕیار وابوو بدرێته دادگا، لەولا فەرمانده‌یی زیڕەی**

لێ هەستاو تومەس شەریکی ناو براون ، ووتیان لەبەر ئەوەی ئەو پلەی سەربازی هەیە سەر بەفەرماندەییە خۆمان دادگایی سەربازی ئەکەین، دزە مەدەنیەکانیان زۆر دادگایی کردوون تا عەسکەریەکان دادگایی بکەن،هەر هەمان ڕۆژ نەقیب بەردراو  هیچ دوور نیە داوای پلە بەرزکردنوەش بکات.ئاخر برادەرینە نەقیب و غاز کوجا مەرحەبا...؟ ئەگەر زەمانە ئاوانەبێت.

20.5.2007